وەزیری ناوخۆ لەگەڵ وەزیرانی ناوخۆی ئوردن و سوریا و لوبنان تاوتوێی میکانیزمەکانی رووبەروبونەوەی ماددەی هەشبەر دەکات

ئەمڕۆ شەممە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ ،لەگەڵ وەزیرانی ناوخۆی ئوردن و سوریا و لوبنان،میکانیزمی هاوبەشیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ماددە هۆشبەریان تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە:-ئەمڕۆ شەممە "عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ بەشداری لە کۆبونەوەی چوارقۆڵی کرد کە لە عەممانی پایتەختی ئوردن بۆ وەزیرانی ناوخۆی عێراق و ئوردن و سوریا و لوبنان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەڕێوەدەچیت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-لە کۆبونەوەیەکدا کە لەسەر بانگهێشتی "مازن فرایە"وەزیری ناوخۆی ئوردن و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی کاروباری ماددە هۆشبەرەکان لەوەزارەتی ناوخۆی هەرچوار وڵات بەڕێوەچوو، گفتوگۆی ورد لەسەر چالاکی باندەکانی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان لەناوچەکە گفتوگۆی لەسەر کرا ، هەروەک چاوخشێندرایەوە بە چالاکی باندەکانی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان لەناوخۆ و ناوچەکە و میکانیزمی کردەوەی هاوبەش و هاوکاری تاوتوێ کرا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان و ماددە دڕوونیەکان.

هەر بەپێی بەیاننامەکە:-کۆبونەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ کە بەشدارن لە

پەرپەدانی هاوکاری ئەمنی نێوان هەر چوار وڵات سەبارەت بە رووبەرووبونەوەی ماددە هەشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان